## بۆکان له ئەمڕۆ و له مێژوودا

نووسینی: تاهیر عەلیار

# خوێندن و خوێندنگه له بۆکان (۳-۵)

*[[ له سەرەتای دەست بەکارکردنی ماڵپەڕی بۆکان، بەشێکی تایبەت به خوێندنگاکانی بۆکان تەرخان کرابوو، که ئەو دەم واته ۱۵ ساڵ بەر له ئێستا هەم دەستکەوتنی زانیاریی و پێوەندیگرتن له گەڵ خەڵکان چەتوون بوو، هەم لاکردنەوه له بابەتێکی وا له لایەن زۆر کەسەوه به گرنگ نەدەزاندرا، ئێستا پاش تێپەڕبوونی ئەم ساڵانه و بوونی ئینترنێت و ڕێگاکانی پێوەندی و هاسانبوونەوەی ناردنی بابەت و هەست بەبرپرسیاریکردنی زۆرتر له مەر زانیاریی بەخشین، ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان له چوارچێوەی پرۆژەی "بۆکان له ئەمڕۆ و له مێژوودا" جارێکی دی ئاوڕ لەو بابەته دەداتەوه و بەرپرسانی پرۆژەکه هیوادەخوازن له گەڵ پشتیوانییەکی زۆری خەڵک به تایبەت ئەوانەی که به جۆرێک له جۆرەکان پێوەندیان به خوێندنگاکانەوه هەبووە، وەک خوێندکار، موعەلیم و دەبیر و کارمەندی ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان و هەروەها وەک دایک و باوکی منداڵان و خوێندکاران بابەتەکانی خۆیان بۆ ماڵپەڕەکه بنێرن. بیرەوەری، بەڵگەنامە، وێنە، فیلم و هەر چەشنه زانیارییەک که بگاته دەست بەرپرسانی پرۆژەکه به شێوەی شیاو بڵاو دەکرێتەوە. مەدرەسه له شاری بۆکان به تەنیا شوێنی خوێندن نەبووه بەڵکوو شوێنی چالاکی هونەریی، فەرهەنگی، وەرزشی، ڕۆژنانەنووسی و شوێنی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیش بووە. باسکردن له هەرکام لەو لایەنانە، کۆکردنەوەی زانیارییەکی دەوڵەمەنده که جێگا و پێگەی شارەکه له سەردەمەکاندا نیشان دەدا . هاوکاری هەرکەس جێگای ڕێز و پێزانینی ئێمەیه]] بۆکان له ئەمڕۆ و له مێژوودا* redaktion@rojhalat.de

### خوێندن و فێربوون لەبۆکان ، لەبیرەوەریەکانی کاک ئەمیری قازیدا

*باری خوێندن و فێربوون لەبۆکان و دەوروبەری بۆکان شێوازی جۆراوجۆری بوە. لەمەدرەسەوەبگرەتا حوجرەی فەقێ یان و دیوەخانی ئاغاوەت و دەرس کوتنی تایبەت بەمنداڵی دەوڵەمەندان. حوجرەی مزگەوتی حەمامیان ، خانەقا و تورجان لەوشوێنانەن کەبەشێکی بەرچاو لەسیماکانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی وزانایان و خاوەن سەوادانی کورد لەناوچەی موکوریان دەرسیان تێدا خوێندوە. دوای کرانەوەی مەدرەسەی رەسمیی دەوڵەتیش لەشاری بۆکان بەشێک لەخوێندکارانی بۆکان و دەوروبەری بۆ خوێندنی باڵاتر پەڕیوەی شارەکوردەکانی دیکەیا باقی ناوچەکانی ئێران یابەهەڵکەوت ئوروپا و ئامریکا بوون . چۆنیەتی وەزعی خوێندن و فێربوون لەبیرەوەری هێندێک کەسایەتی ناوچەی بۆکان دا بەکورتی ئیشارەی پێکراوە. لەزەینی هەرکام لەئێمەشدا تا رادەیەک شوێنەواری خۆی بەجێ هێشتوە. بۆ چاوخشاندنێک بەسەر ئەو رەوتەدا لەچەند وتاری جیاواز دا پەردەلەسەر ئەو لایەنەی ژیانی خەڵکی شار و ناوچەی بۆکان هەڵدەدەینەوە، کاک ئەمیری قازی لەکتێبی (لەبیرەوەریەسیاسیەکانم) دا لەو پەیوەندیەدا دەنووسێ:*



شوێن: تونس .
لە ڕاستەوە : کاک سەلاح بەدرەدین ، ئەمیر قازی ، ڕەحمەتی یاسر عەرەفات ، مامۆستا شێخ عیزەدین ، کاک جەلیل گادانی ، و دو لە دۆستانی فەلەستینی .

پایزێ ساڵی 1327ی هەتاوی بەرانبەر بەی 1948 زایینی وەبەر خوێندن نرام . باوکم بەنامەیەکەوەبۆ خواڵێخۆشبوو سلەمان خان ئەمیری ، کەهەم خزم و دۆستی بنەماڵەو هەم سەرۆکی فەرهەنگی شاری بۆکان بوو حەواڵەی مەکتەب کرام. مامۆستا هێمنی رەوانشاد ، لەپێشەکی دیوانی شێعرەکانیدا "تاریک و روون" دەنووسێ و دەڵێ: من منداڵێکی لادێیی و...بووم، رۆژی رەشترو تاڵترم لەو رۆژەنەدیوەکەچوومەمەدرەسە. مامۆستاکەم کەخۆی کورد بوو بەفارسی تێی خوڕیم ، هیچی تێنەگەیشتم .

هاودەرسەکانم کەهەموویان لەمن باوخۆشتر بوون پێم پێکەنین. ڕۆژی هەوەڵی چوونەمەکتەبی منیش وەک مامۆستا هێمن ، لەو ڕۆژگارەتاڵ و تفتانەبوو.

بۆکانی ئەوکات شارۆچکەیان هەر دێیەکی گەورەبوو. مەدرەسە، لەدەرەوەی شار ، لەقەراغ تاکەجادەیان خیابانی شار ، لەخانوویەکی چەند ژووریی بێ حەوش و حەسار ، پێکهاتبوو. لەبەختی نەیار کەگەیشتمەمەدرەسەکە، کاتی پشوودانی منداڵەکان بوو . سەدان منداڵ لەدەوروبەری مەدرەسە، خەریکی کایەو گەمەو شەڕەشەق بوون . هەر زەندەقم چوو.

منیش حەواڵەی ناو ئەو زەنازەنایەکرام . سلێمانی کوتەنی ئەبڵەق ببووم ، نەمدەزانی دەبێ چ بکەم و ڕوو لەکوێ بکەم. کەسم نەدەناسی ، شەرمەندەو کزەسەر ، ڕاوەستابووم و بیرم لەچارەڕەشی خۆم دەکردەوە.

لەناکاو زەنگێک لێدرا ، جەماعەتی منداڵ ریز بوون و ڕاوەستان. من نەمدەزانی دەبێ چ بکەم. لەجێگای خۆم چە قیبووم. کابرایەکی باریکەڵەی قەدبڵێندی چاکەت و شەڵوار لەبەر کەبەشووڵ دەستێکی باریکەوەدەهات و دەچوو بە فارسی تێی ڕاخوڕیم. چی لێ تێنەگەیشتم. نەمزانی دەڵێ چی. خواوڕاستان کتومت ، سڵەمان خانی ئەمیری ، ڕەئیسی فە رهەنگ ، کەدەبێ بۆ سەرکێشی مەدرەسەلەوێ بووبێ ، لەژوورێک هاتەدەرەوەو بەمامۆستای شووڵبەدەستی کوت:

ئاغای نانەوازادەئەوەخەڵکی دێیەفارسی نازانێ. خۆی ڕێنوێنی کردم بۆ ریزێکی منداڵان . لەکەلاسی ئەوەڵی سەرەتایی دامەزرام.

وەبیرم دێ لەپشووی نەورۆزدا هاتبوومەوەدێ، ساڵ جارێ هەر سارد بوو و مزگەوت ئاوەدان ، گەرم و گوڕ و پڕ لە خەڵک بوو . بۆ دیداری کۆنەئاوالان رووم کردەمزگەوت . خەڵک بەگەرمی بەخێرهاتنەوەیان کردم ، مام حەمەسوڵتان ، یادی بەخێر ، پرسی: هیچ فێر بووی؟ کوتم: بەڵێ چۆن. پرسی: دەزانی بنووسی مار؟ مارێکم لەسەر کاغەز بۆ نووسی ، تەماشایەکی مارەنووسراوەکەی منی کرد و کوتی ئەوەچیەنووسیوتە، مار کوا وادەبێ . وادیارەجارێ هیچ فێر نەبووی . ئەو قەڵەمەبدەبەمن با فێری مار نووسینت بکەم. قەڵەم و کاغەزم دایە، شکڵێکی پێچپێچی کێشاوەو ڕووی دەخەڵکەکرد و پرسی : ئەرێ جەماعەت ماری کاممان مارە؟ دیار بوو مام حەمەسوڵتان بوو بەبەرەندەو گرێوی بردەوە.

بۆ ساڵی دووهەمی سەرەتایی ڕاگوێزرام بۆ مهاباد بۆ لای برای لەخۆم گەورەتر، ئەحمەداغاکەلەوێ دەچوەمەدرەسە، کە لاسەکانی سێ و چوارم لەمهاباد خوێند.

بالەبیر نەچێ ، بەر لەوەکەناوم بەئەمیر بگوڕدرێ، عومەرم ناو بوو . وەک یەدەک و پاشکۆی برای گەورە، بۆ خوێندن کەوتمەگەورەشاری تەورێزەوە. جارێ هەر شاگردی 5 ی سەرەتایی و هیچم لەبارۆدۆخی ئەوێ نەدەزانی و لەناکاو کە وتبوومە ناو کەش و هەوای مەزهەبی شیعەی ناو شارەکەوە. ناوم هەر عومەر و هەر بەو ناوەشەوەنێو نووس کرابووم . جا خۆت لێکی بدەوەمنداڵێکی 11/12 ساڵەی لەتەمەنی مندا ، بەو ناوەمەنحوس و ناخۆشەویستەوەلەوێ، لەنێو شیعەمە زهەبی ئیفراتی و توندو تیژی ئەو زەمانی تورکی ئازەریدا، دەبێ حاڵی چۆن بووبێ. بائەوەندەش بڵێم کەلەو سەردەمانە دا، بێجگەلەئێمەدووبرای شاگرد مەدرەسە، لەشاری گەورەی تەورێزدا ، تەنیا هەر دوو ماڵەکوردی دیکەی تێدابوو. ، یە کیان ماڵی ڕەحمەتی خاتەمی و ئەوی دیکەماڵی خوالێخۆشبووحاجی عەزیز وەلی ، ئاو بێنەو دەستان بشۆ.

سەرەڕای ئەوەش کەزمانی ترکیم دەزانی ، چونکەهەر زوو لەمنداڵیەوەبەهۆی نزیکی لەشاریمیاندواو و تێکەڵاوی دە گەڵ کارداری ئازەربایجانی لەماڵێدا، وەک مەیتەر و شۆفیر ، فێری ئازەری ببووم و بەتەواوی قسەم پێدەکرد.

زۆری پێنەچوو کەلەپێشدا لەهاوکەلاسەکانم را و لەرێگای ئەوانیشەوەلەهەمووی شاگرد و تەلەبان ئاشکرابوو کەهەم کوردم و سوننی ، هەم ناوم عومەرە. جا وەک دەکوترێ و دەڵێن ، کەر بێنەو باقلەبارکە، جنێو و قسەی سووک دەستی پێکرا.

دەگەڵ ئەوەش کەبەڕێوەبەرایەتی مەکتەب بەگشتی لەکۆبوونەوەی بەیانان دا (ئەو زەمان باو بوو کەشاگرد کەلاس بەکە لاس لەحەوشی مەکتەبدا کۆ دەبوونەوە، پاش سروود یا گوتاری پێویست بەریز دەچوونەژووری کلاسەوە) ئامۆژگاری منداڵانیان دەکرد ، هەڕەشەی بەکوتان و لێدانیش لەئاڕادا هەبووبۆ ئەو کەسانەی کەجنێو بەعومەر دەدەن و دەبنەهۆی ئە زیەت و ئازاری منیش، کەڵکێکی ئەوتۆی نەبوو. هەر نەبا پاش تەواوبوونی مەکتەب ، سێ سێ و چوار چوار ، وەک

بەرنامەهەموو رۆژێ لەسەر رێگام دەوەستان و بەگژم دادەهاتن. ئەمن کەلەمنداڵیەوەلاشەر و بێ ئازاریش بووم چارم نە ما. دەبوو عیلاجێک لەو وەزعەتاڵەبکەم. بەلێکدانەوەی خۆم گەیشتمەئەو ئەنجامەبۆ ئەوەکەمنداڵ وازم لێ بێنن و لەکۆڵم ببنەوە، دەبێ بێ ئازاری وەلا بنێم ، پێشدەستی بکەم، بەهانەیان پێ بگرم و لەگژیان رۆچم.

دووسێ جار شەری نێو حەوشەی مەدرەسەو سەر رێی ماڵەوەم نایەوە، شەڕ ئەمما شەڕ . هەموو جارێ هێرش و هوجوم لەمن را دەستی پێدەکرد. خوا بتحەسێنێتەوەگرتی ، ئاخریەکەی وای لێهات کەنێوبانگ دەربکەم ، ببووم بەمەرجە ع و سەرچاوە، فتوا لەمن را دەردەچوو. بەڵان دیسانیش لەبەر رەهایی لەگیر و گرفتی خوێندنم لەناو کۆمەڵگای شیعەمە زهەبدا ، پرۆسەی ناو گوڕینم لەعومەرەوەبۆ ئەمیر، لەرێگای مەحکەمەو دادگاکانی ئێرانەوەدەست پێکرا و ماوەیەکی دوورو درێژی خایاند .

ساڵی حەوتەمی خوێندکاری ، واتەسەرەتای خوێندنی ناوەندی بۆمن، روومان کردەتاران. لەدەبیرستانی دارولفنوون ناو نووسیمان کرد . دەگەڵ ئێمەکاک مستەفا ئیسحاقی و کاک سولەیمان موعینی کەئەوانیش هەر لەو مەکتەبەناو نووس ببوون وهەر بەیەکەوەش لەخیابانی وابزانم ، چراغ بەرق، لەنزیک مەکتەبەکە، باڵەخانەیەکی دوو ژووریمان بەئیجارە گرت و بووین بەهاوخەرج . کاک مستەفا و کاک سولەیمان ، بەچەند ساڵێک لەمن گەورەتر و لەکلاسی سەرەوەتریش دەیان خوێند.

زەمان لەساڵی 1961 و راپەڕینی ئەیلوول لەباشووری کوردستان نیزیک دەبۆوە. لەو سەرووبەندەدا ئەمن وێڕای چەند خوێندکارێکی دیکەی مهاباد و دەورووبەر گەیشتبووینەزانستگای تاران و لەزانکۆی حقووق ، واتەزانکۆی ماف یا مافناسی دەمخوێند.

وابووکەبارزانیی نەمر، لەئەنجامی نەزانمکاری کەریم قاسم دەستی داچیا، راپەڕینی چەکدارانەی خەلەکان بوو بەشۆڕش . شۆرشێکی خەست و هەمەگیر. باشووری کوردستان کەوتەفاز و پرۆسەیەکی هەمەگیرەوە. ئەوپرۆسەنوێیە، ئەرک و وەزایفێکی گرینگ و تازەی بۆ هەر کوردێکی نیشتمان پەروەر هێنایەناوەوە. بۆ ئێمەش خوێندکارانی ئەو زەمان لە زانستگای تاران کەبەداخەوەژمارەشمان لە/170 کەس زیاتر نەبوو، ئەو ئەرک و وەزیفەیەبەهەموو هێز و قوەتی خۆیە وەبۆمان لەگۆڕێدا بووکەدەبوو بە ڕێوەی ببەین. بریارمان بوو کەرۆژانی هەینی ، کۆ ببینەوەسەریەک، لەرادیو و رۆژنامەی ناوخۆیی و دەرەکی ، لەقسەو باسی گەیشتوو و لێزانی لەسەر شۆڕش و هەل و مەرجی لەوێ ، پێکەوە ئالوگۆڕ بکەین. دامان نابوو بەکوردی بنووسین ، بەکوردی بخوێنین و بخوێنینەوە، مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان بێنینە ژێر باس و لێکەڵینەوە، کوردایەتی بکەین و یەکیەتی خوێندکاری خۆمان پتەو رابگرین ویاریدەو یارمەتی شۆڕشی باشووری وڵات ببێ بەکار و ئەرکی هەرەپێویست و لازم بۆ گشتمان.

لەو سەروبەندەجەبهە ی میللی ئێران لەسەرڕا کەوتبوەتێکۆشانی سیاسی . لەورێیەدا زانستگای تاران پێشقەڕاوڵ و رچە شکێن بوو. خۆ پێشاندان و رێپەیمایی لەمەیدانی گەورەی حەوشی زانستگا ، ببوو بەکاری رۆژانە. دەستەی خوێندکاریی ئێمەکوردەکان، دەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی جەبهە ی میللی ، هەروەها دەگەڵ رێبەرایەتی خۆپێشاندانەکانی نێو زانستگە، لە پێوەندیدا بووین. ئێمەلەهەوڵ دابووین کەسەرنجی جەبهەی میللی و ئیعترازی نێو زانستگا ، بۆ پشتیوانی لەشۆڕشی باشووری کوردستان ، راکێش بکەین بۆ ئەوەی هەر نەبێ شەڕفرۆشی و هێرشی ئاپاڕاتی نیزامیی ئێراق بۆ سەر کوردستان ، مەحکووم بکەن، هەر بەو شێوەیەی بۆ خەڵک و بۆ بزاوی رزگاریخوازیی فەلەستین دەیکەن . بە ڵان هە وڵەکانمان فایدەی نەدا. نەجەبهە ی میللی و نەخۆپێشاندانی ئیعترازیی نێو زانستگا ، تەنانەت وردەدە ستەچەپەکانی بە شدار لەخۆپێشاندانەکانیش ، ئامادەنەبوون داخوازیەکانمان لێ قبووڵ بکەن.

بنبەستی هەوڵەکانی ئێمەدەگەڵ جەبهە ی میللی کەجووڵانەوەی ئیعتڕازیی نێو زانستگایان لەبەردەست دابوو و کەسانێکی وەک ئەڕفەعزادە، سەلامەتیان و بەنی سەدر بگێری بوون ، ئێمەی گەیاندەسەر ئەو باوەڕەکەهەرچەند بەژمارەش کەمین واباشەکارشکێنی قەرار و بڕیارەکانی جووڵانەوەی نارەزایەتی نێو زانستگا بکەین و نیشان بدەین کەئێمەکوردەکانیش ، هەین. دۆستایەتی و هاوکارییان ناکەین ئەگەر ئەوان سەبارەت بەداواکارییەکانی ئێمە، خۆیان نەگوڕن. بۆیەبڕیارماندا خوێندکارانی زانکۆی حقووق لەو هەنگاوەدا پێشقەدەم بن.



له ڕاستەوە: کاك سالار حەیدەری ، کاك سەلاح موهتەدی ، کاك حەمە سابیر ، ئەمیر قازی ٠

ئەو ڕۆژەقەراری بەڕێوەبەرایە تی خۆپێشاندانەکان وابوو کە خوێندکار بەگشتی لەبەر دەرکە ی گەورەی زانکۆی حقووق ، کۆ ببنەوە لەچوونەسەر کە لاسی دەرس مان بگرن. کاتی دیاریکراو گشتی خوێندکار لە وێ کۆبوونەوە، بریاری دەستە ی بەڕێوەبەر خویندەراوە، مانگرتن ڕاگەیاندرا. لەو نێوەدا ئەمن دەگەڵ ڕەحمەتیی کاک موعتەسەم عەلیار کەپێکەوەهاوکەلاسیش بووین سەرەڕای مەترسی لەلێدان و کوتانمان ، بەرەو چوونەسەر کلاس وەرێکەوتین . هەرچی هاواریان لێکردین کەمانگرتن مەشکێنن ، گوێمان پێ نەدان و چووینە سەر کلاس. بەو شێوەیەریز و سەفی خۆمان لەوان جیاکردەوە.

لەهەل و فرسەتەکانی دواتریشدا، ....ئەو هەڵوێستەی خۆمان بۆ دەنگدان بەمادەی حەمەڕەزاشا ، لەپێوەندیدا دەگەڵ دابە شینی زەوی بۆ جوتیاران ومافی دەنگدان بۆ ژنان دووبارەکردەوە. چونکەبزووتنەوەی خوێندکاری زانستگا دەنگدان بە مادەی ناوبراوی ، وێڕای خومەینی و جەبهە ی میللی و تەنانەت چەپەکانیش ، تەحریم کردبوو . بەڵان ئێمەپێکەوەو بەدە ستەجەمعی بەرەو سندووق چووین، دەنگمان پێدا.

لەجەنگەی گەرم و گوڕیی کوردایەتی و هەڵلا و بگری ئیعترازیی ئەو زەمانی زانستگای تاران ، کابرایەک بەنێوی سڵە مان ئەنەوشیروانی ، وابزانم لەبنەماڵەی بەگزادەکانی ناوچەی سەقز ، ڕۆژنامەیەکی لەتاران دەردەکرد بەنێوی، سەحەر. ئەو ڕۆژنامەیەکاری هەر نووسین و پێداهەڵگوتن بوو بەحکوومەتی شا و سازمانی ئەمنیەت . وابزانم خەرج و مەسرە فی دەرچوونیشی هەر لەساواک ڕا دابین دەکرا.

کاتی خۆی کاک عەلی قازی ، کوڕی پێشەوا، لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوەبۆ خوێندن دەنێردرێتەدەرەوە. لەو پێوەندیەدا سڵەمانی گۆرین نووسراوەیەکی پڕ گلەیی لەدەوڵەت لەژێر ناوی : گرگ زادەگرگ شود، گرچەبا آدمی بزرگ شود،لە ڕۆژنامەی سەحەری خۆیدا بڵاو دەکاتەوەو گازندەو تانووت لەحکوومەت دەدا کەبۆچی بێچوەگورگ بۆ خوێندن دە نێردرێتەدەرەوە.

جا، ئەو سڵەمان ناوەکەلەبەر دەوڵەتخوازی بەکابرایەکی ناپەسند و خراپ ناودێر بوو بەم نووسینەئەویش بەو شێوازە، لە کوردەواریدا بەتەواوی بەر نفرەت و بەر نەحلەتی خەڵک بووبۆوە، بەهەڵکەوت لەو دەورانەدا وابزانم لەزانکۆی ئەدە بیاتیش خوێندکار دەبێ . ڕۆژێک لەو ڕۆژگارەکەئێمەچەند کەسێک لەپێش زانکۆی حقووق ڕاوەستابووین و پێکەوەقسە مان دەکرد ، کابرا کەبەوێدا تێدەپەڕێ ، گوێی لەوتاری بەکوردی دەبێ و هات بۆ لامان، خۆی ناساند و کوتی : برا منیش کوردم . لەنێو کۆی ئێمەدا، کاک سەلاح و ڕەحمەتی عەلی حەسنیانی لێی هەڵچەرخینەوەو بەگژیدا هاتن ، جاسووس و خۆ فرۆشیان پێ کوت.

**درێژەی هەیە ...**